# چۆن 14-4 کرا بە ڕۆژی ئەنفال ؟؟؟



**عەلی مەحمود محەمەد****

ئەنفال مەرگی لەسەرخۆی گەلێك بوو , ئەو مەرگە زیاتر لە 200 ڕۆژی خایاند , ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بۆ قەسابی لادێنشینەکان کوردستان , سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزبیایەك لە هەرچوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی کوردستانییان دا ,ئەوەی ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە قوت دراو نەیانمان بینییەوە . هەموو ڕۆژەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی مەرگە , مەرگەساتێك بوو بۆ خۆی , مێژوویەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و کارەسات , جێی خۆیەتی یادی هەموو ئەو کارەسات و قوربانییانە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئەنجام درا . ئەوەی لە ناوییا نەژییا بێت , ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی نەبینیبێت , ئەوەی ئێش و ئازارەکانی نەچەشتبێت , ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت , ناتوانێت وینەی چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت .

ناتوانرێت هەموو ڕۆژەکانی ئەنفال بکرێت بە شین و شەپیوری یاداوەرییەکانی , چونکە فەزایەك بۆ ژییان , کاتێك بۆ ئایندە , چرکە ساتێك بۆ بۆ ژیانی دوا ڕۆژ نامێنێتەوە , لە بیرکردنەوەی یاداوەرییەکانیشی مانای لە بیرکردنی تاوان , لە یاد کردنی خیانەت , لە بیر کردنی مێژووی تاڵ و شکستەکانی ڕابردوو دێت , گەلێکیش ڕابردووی کارەساتەکانی لە بیر بکات , مانای ڕازییە بە کوشت و بڕەکانی داهاتووش , مانای ملکەچ دەکات بۆ قەسابییەکان , لەبیرکردنی یاداوەرییەکان یانی دەست ئاواڵە کردنی داهاتووە بۆ دوبارە بوونەوەی ڕوداوە ترسناکەکان . بۆ ئەوەی داهاتوو , مەرگە سات و قەسابی کردنەکانی خۆمان لە یاد نەچێت ,بۆ ئەوەی ئێسکەکانمان لە بیابان و ناو حەوزی تێزابەکان دەرکەینەوەو تف لە حەجاج و حەجاجییەکان بکەین , پێویستمان بەوە هەیە لە ڕێگەی یاد کردنەوەی ئەنفالەوە خۆمان وەك گەلێکی بەردەوام لە پرسەدا دانێین , گەلێك ئامادەیی ئەوەی هەیە ڕابردووەکان خۆی بخوێنێتەوە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو , ئێمە چاومان لە داهاتووە , بۆیە ڕابردوو دەخوێنینەوە , هەرچەندە بوونی تاوانبارانی کورد لە ناومان بەردەوام ئازاری دەروونیمان زیادە کات و یادکردنەوەکانمان تاڵە کەنەوە , بەردەوام ئازارمان دەدەن .

شێخ وەسانان و بادینان و سەردەشت یەکەم شارو ناوچە بوون بەر لێدانی چەکی کیمییاوی کەوتن لە کوردستان , بەڵام هەڵەبجە کرا بە ڕۆژی شەرمەزارکردنی چەکی کیمییاوی لە کوردستان , چونکە قەبارەی زیانەکانی گەورەتر بوو لە هەموان و تاوانەکانی مەترسیدار تربوون . ئەنفالیش بەهەمان شێوە دەبێت ڕۆژێك تیایدا دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە کە 10% گەلەکەمانی تێدا کوشت و بڕکرا , نە یەکەم ڕۆژی و نە دوا ڕۆژی تیاییدا ئەو زیانە گەورەیەی لیٚ نەکەوتەوە تا دیاری بکرێن بەو ڕۆژە , گەورەترین قەبارەی کارەساتەکە لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمییانە ( من دیاری کردنی ئەو ژمارانەی ڕژێم بۆ ئەنفالەکانی دیاریکردووە بە کارێکی باش نازانم , بەڵکە ئەنفالەکان پێویستە بە ناوی ناوچەکانییانەوە ناو زەد بکرێن).

ئەنفالی گەرمییان کە لە ڕۆژی ڕەشی 7 نیسان یادی دامەزراندنی پارتی بەعس دەستی پێکرد و لە 20-4 کۆتایی پێهات , وەك بەعس ئاسا دڕندانەترین قۆناغی ئەنفالەکان بوو , هەرچەندە لەم شاڵاوەیان چەکی کیمییاوی بەکار نەهات , بە پێچەوانەی ئەنفالەکانی کە , کە سەرجەمییان بە لێدانی چەکی کیمییاوی دەستییان پێکرد , بەڵام پێدەشتەکانی گەرمییان ئەو جوگرافییایە نەبوو بۆ بەرەو ڕوبونەوەی سوپای بەعس , لەگوندی تازە شار پێشمەرگەکانی ینك و حشع قوربانی گەورەیان دا , بەڵام نەتوانرا پێش بە هێرشەکان بگرترێت , قەبارەی گەورەی سوپای هێرش بەر گەورەتر بوو لە تواناى بەرەنگاربوونەوە , کە پێشر لە دوو پرۆسەی ئەنفالدا تێسرەواندنی کاریگەرییان بەر کەوت, زییانی گەورەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمییان و لە ڕۆژەکانی 13-14-15—4-1988دا بوو , بە تایبەتیش ڕۆژی 14-4 , زیانەکانی ئەو ڕۆژانەی کارەساتەکە گەورەترین و زۆرترین زیان بوون کە بە سێیەك بۆ نیوەی کۆی قوربانییەکانی هەموو کارەساتی ئەنفال مەزەندە دەکرێت , لە ڕۆژی 14 نیساندا لەهەردوو گوندی ملەسورەو کوڵە جۆی حاجی حەمەجان زۆربەی خەڵکی ناوچەکە پاش تەنگکردنەوەی بازنەی ئابلوقە لەسەرییان هەموویانییان کۆکردەوە و ئەنفالییانییان کرد .لەو ڕۆژەدا نزیك بە 20000 خەڵکی ناوچەکە کە بەشی زۆرییان ژن و منالٚ و پیر و پەککەوتە بوون کۆکرانەوە و بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆرو ئۆتۆمۆبێلی هاووڵاتییانی ئەنفالکراو گواسترانەوە بۆ قۆرەتوو (قۆرەتوو دەکەوێتە سنوری ناحییەی مەیدانی شاری خانەقینەوە,ئەم ناوچەیە لە دوای 1974 ەوە تەعریب کراوە) . پاشماوەی جل وبەرگەکانییان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانیش مابوون .

بەم هۆیەوە 14-4 وەك ڕۆژێك تیاییدا دڕندەیی ئەنفال گەیشتە ترۆپکی دڕندەیی خۆی هەڵبژێردرا بە ڕۆژی ڕەشی ئەنفال .

## چۆن 14-4 بوو بە ڕۆژی ئەنفال

ئەو ڕۆژانەی ئەنفال جێی گرنگی پێدانی لایەنەکان نەبوو , کێشەیەکی بیٚ خاوەند بوو , کەمتر باسی لێوە دەکرا , باسکردنەکانیش پەرت بوو . لەو ڕۆژانەدا کۆمەلێك ڕۆشنبیر و هونەرموند و دلسۆزی ئەم گەلە , بە سکی برسی و ماندوەیەتیی سەختی ژیانەوە , خەمی ئەنفالەکانیان لە کۆل نا و شەویان دایە دەم ڕۆژەوە بۆ بە مێژوو کردنی ئەم کارەساتەو دیاری کردنی ڕۆژێك بۆی و تا لەو ڕۆژەدا قورسایی بدرێتە کارەساتەکەو ساڵانە یاد بکرێتەوەو ئەم یاداوەرییە نەمرێنرێت لە بیری تاکەکانی گەلەکەمان و ببێتە ڕچەی ناساندنی لەئاستی جیهانییدا .

پێویستە ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەی کە هەوڵەکانییان بەری گرت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال , ناویان بچێتە مێژوی بەگژدا چونەوەی ئەنفال , منیش وەك ئاگادارێکی زۆرتر لە هەر کەسێکی کە لە بەشێکی زۆری ئەو چالاکیانە , چەند دێرێك لەم یادە دەخەمە سەر کاغەز, بە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو ناوانەی بە بیٚ هیچ هۆکارێك لە یادییانم کردووە .

پاش گەڕانێکی وورد بە ناو ڕۆژنامەکانی دوای ڕا پەڕین , ئەوەی کەوتە بەر سەرنجم ,یەکەم وتار لە سەر ئەو ڕۆژە بە ڕێز ڕ خ لە کوردستانی نوێی ژ 66 نوسیویەتی , کە دوایی بۆم دەر کەوت ناوی بەڕێزی کاك ڕەحمان خانییە . هەروەها لە پەرتووکی تونی مەرگ کە بەڕێز کاك زیاد عەبدڕەحمان نووسیوییەتی هاتووە (( c.d.a.w.e) لە ساڵی 1993 هەمان ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی یادکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەنفال داناوە ویادی کردەوە . لە هەمان ڕۆژی ساڵی 1994 یش دا یادی ئەو ڕۆژە لە سنووری پارێزگای کەرکووك لە گەرمییان کرایەوە , پێدەچێت ئەو ڕۆژە لە داهاتوودا ببێتە یادی قڕ کردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد ( پەرتووکی تونی مەرگ –ل9).

لێرەدا نووسەر ئەگەرێك دادەنێت بۆ بوونی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی یادی قڕکردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد , نەك بە کردنی بە ڕۆژی ئەنفال .

ڕۆژنامەکان باشترین بەڵگە نامەن بۆ ئەوەی بزانیین ئەم هەوڵانەی دراون بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال چەند کاریگەر بونەو توانیویانە ئەو داواکارییە بسەپێنن.

ڕۆژنامەکانی کوردستان تا ساڵی 1995 ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی ئەنفال نەناساندووە , با چاوێك بە چەپكێك ناونیشان بخشێنیین .

کوردستانی نوێ ژمارە660 ی بەرواری 14-4-1994 مانشێتی ڕۆژنامەکە هاتووە ( بەیبانامەی م س ینك بە بۆنەی کۆچی دوایی هەڤاڵ ڕەسوڵ مەمەند ) , ئیتحادی ژمارە 75 ی بەرواری 16-4-1994 یش هەمان بابەتە .

الاتحادی ژمارە 127 بەرواری 15-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە , (امریکا قلقه علی حقوق الانسان خصوصا فی اقلیم الکردی بترکیا).

ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە 86 ی بەرواری 12-4- 1996 لە مانشێتەکەیدا هاتووە ( فرە زمانی و فرە ڕەگەزی نیشانەی گەورەیی خودان و دەبێ بپارێزرێن , ڕیسوا بێت سیاسەتی جینۆساید و قڕ کران ).

کوردستانی نوێی ژمارە 66 ی بەرواری 14-4-1992 لە مانشێتەکەی هاتووە (سەرکەوتنێك لەگەڵ ڕژێم بەهای ئەو کاغەزەی نابێت کە لە سەری مۆر دەکرێت ).

کوردستانی نوێ ژمارە 962 بەرواری 14-4-1995 مانشێتەکەی بریتی بوو لە (لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکەی ئەکیوسدا بڕیاربوو دوێنێ ئەنجومەنی ئاسایش پڕۆژەی فرۆشتنی بەشێك لە نەوتی عێراق پەسەند دەکات ) (هەرچەندە لەم ژمارەیەدا بابەتی زۆر لەسەر ئەنفال لە لاپەڕەکانی ناوەوە بلاو کراوەتەوە , لە ناویشییاندا بەیاننامەی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان و چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان ).کوردستانی نوێ ژمارە 1262 ڕۆژی یەك شەممەی بەرواری 14-4-1996 لە مانشێتەکەیدا هاتووە( تەنها بە دادگاییکردنی ئەنفالچییەکان ڕوحی شەهیدانمان شاد دەبێت .

ئاڵای ئازادی ژمارە 68 ی بەرواری 11-4-1993 دا لە مانشێتەکەی ئەمەی خوارەوە هاتووە : بە سەرخستنی دەست پێشخەری pkk , بەرنامەی هاوبەش و هاوکاری سیاسی ,ئەرکێکی نەتەوایەتییە .

بەلام لە ئاڵای ئازادی ژمارە 166 ی بەرواری 16-4-1995 دا هاتووە (ئەنفال بەڵگەی خۆڕاگری میللەتەکەمان و دڕندەیی دوژمنانە ).

لە بۆ پێشەوەی ژمارە 18 ی نیسانی 1995 (با یەکی ئایار بکەینە ڕۆژی بەرپاکردنی بزووتنەوەی شورایی جەماوەری بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و برسێتی , هاوکات بابەتێکی بچوك لە سەرەوە نوسراوە بە ناوی (کارەساتی ئەنفال و وەحشییەتی ناسیۆنالیزم).

هەرچی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە 1920 بەرواری 14-4-1994 ە لە مانشێتەکەی هاتووە (هێژا مسعود بارزانی لە پرسەی خوالێخۆشبوو رسول مامەند ئامادە دەبێت ) , هەرچەندە پەیامی برایەتی لەسەر کارەساتی ئەنفالە , بەلام هیچ ئاماژەیەك بە بەرواری 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال نەکراوە .

بەلام لە ڕۆژنامەی وولاتی بەرواری 15-4-1996 ژمارە 151 دا هاتووە (یادی ئەنفالەکان هاندەرێکە بۆ سوور بوون لەسەر خەبات).

هەرچی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستانی ژمارە 2 ی ساڵی 48 ی ساڵی 1992 هاتووە(پڕۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەی..) , هەرچی ژمارە 94ی بەرواری 12-4-1993 هاتووە (هەلومەرجی کوردستان وا دەخوازێ کە بە پەلە هەوڵی بەستنی کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بدرێ) . هەرچی ڕێگای کوردستانی ژمارە 104 ی بەرواری 19-4-1994دا هاتووە (بە بۆنەی یادی شەشەمین ساڵڕۆژی شالاوی ئەنفالە بەدناوەکان پێویستە بایەخێکی زیاد بە 182000 ئەنفالکراوو کەس و کارەکانییان بدەین ).

سەرباری ئەوەی بابەتی ڕێگامان لەسەر ئەنفالە . بەلام ڕێگای کوردستانی ژمارە 152 ی بەرواری 11-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە (14 ی نیسان ساڵگەردی ئەنفالە شوومەکان و ڕەمزی گەورەترین تاوانی سەدام دژ بە گەلەکەمان )(ڕۆژی 14 نیسان ڕۆژێکی هەرگیز لە یاد نەچووە لە بیرو هزری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان . ئەم ڕۆژە هێمایەکە بۆ گەورەترین تاوان کە ڕژێمە شۆڤینیستییەکەی سەدام دژ بە گەلەکەمان ئەنجامی دا ). بەم جۆرە دەبینیین لە ساڵی 1994 ەوە لە مانگی نیسان باسی ئەنفال کراوە , بەلام لە ساڵی 1995 ەوە جەخت لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال کراوەتەوە .

لە ساڵی 1994 دا لە ژێر درووشمی (دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ) کۆمیتەی باڵای یادکردنەوەی ڕۆژانی ئەنفال لە یادی 6 ومین ساڵەی کارەساتی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس . لە ڕۆژانی 14-15-4-1994 زنجیرە چالاکییەکی لە کەلار و سمود ئەنجامدا , لیژنەی سەرپەرشتی یادەکە لە لایەن مەڵبەندی کەرکوکی ینك و هاوڕێیانی حشکع- کەرکووك و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان سازدرا بوو (ك ن 18-4-1994 ژمارە 663).

لە دەڤەری گەرمییان بەرێزان سەردار عەبدللە و دڵشاد تالەبانی و ڕەحمان خانی و گولاڵە عەزیز و تەها سولەیمان چالاکانە کارییان لەسەر دۆزی ئەنفال کرد.کاك سەردار عەبدللە پێمی ڕاگەیاند بۆ سالی دواتر کە بینیمان لە 14-4 لە هەولێر یادی ئەنفال بە بەرفراوانی کرایەوە ئێمەش لەوە بە دواوە سوڕ بوین لەسەر دیاریکردنی 14-4وەك ڕۆژی ئەنفال.

بانگەوازی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالەکان لە 12-3 بۆ ئەنجام دانی یەکەم ڤیستیڤال لە هەولێر بڵاو کرایەوە , کە لە 14-4 ڤیستیڤاڵەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە هۆلی مدیا بەردەوام بوو,ئەم بەڕێزانە ڕۆلیان لە ئامادە کردن و سەرکەوتنی گێڕا ((محمد ملا سدیق -لالۆ ڕەنجدەر -سەدرەدین خۆشناو-فاتیح شەیدا-کەریم غەفور -قادر نادر-فریاد هیرانی-ئاشتییە سور-هاوار مستەفا-سۆزان مامە-بدرالدین سالح-نیهاد دزەیی-کەریم سەرکەش-هەردی-دەشتی-مامۆستا ڕەحیم-عوسمان عمر-ڕزگار بۆرە-فرهاد خالید-نهاد جامی -تەحسین فایەق-ئاوارە خان-کەریم مەلا-مامۆستا کمال غەمبار-محەمەد ئیسماعیل-دلێر محەمەد-سەلاح مەزن-عەبدالڕەحمان سدیق- ئازاد سلێمان و هاوکارو هێمن حەساری و شەفیق حاجی خدر و شەوقی دارەتوو و جەماڵ شوشە و عەدنان کۆچەر و ........هتد .هەروەها بەڕێزان ڕزگار شوانی و ڕزگار حەساری و فواد سدیق لە ڕێگای کوردستان و کاك ستران عبدللە و کاك دلشاد عبدللە لە کوردستانی نوێ و کاك غازی حەسەن و ئیدریس شەیداهۆ و کاك بێکەس قادر لە ئالای ئازادی بەشداری کاریگەرییان کرد لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانییانەوە .

بۆ سالی دواتر جگە لەو بەڕێزانەی ناویان لە ڤیستیڤاڵی یەکەمدا هاتووە بەڕێزان سەرهەد تۆفیق -شوان داودی -غازی حەسەن- گرفتار کاکەیی- هەردوو مامۆستای هێژاو تێکۆشەر خالید دلێر و سەعید ناکام و هیوا ناسیح و ئەسکەندەر جەلال و فەرحان و,,,, هتد .ئەو ساڵە بە داواکاری ئێمەو بە هاوکاری بەڕێز کاوە نادر پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان دەیان بەیاننامەیان لە 7-4 ەوە دەرکرد و ئیتر 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال بو بە ئەمری واقیع.

ساڵی 1995 یەکەم بەیاننامە بە بۆنەی 14-4 ڕۆژی ئەنفال, ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان و دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی کوردستان دەرییان کرد , هەرچەندە لە بەیاننامەکەی یەکگرتوودا هاتووە (ئێمە لە ئاوا ڕۆژێکدا کە یادی ئەو کارەساتە بێ دینی یە دەکەینەوە ,داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان دەکەین , کە وەك تاوانە جینۆسایدییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و , جەنگە جیهانییەکان و ,کارە بە کۆمەڵ کوژییەکانی ستالین و هیتلەر , لە قەڵەمی بدەن و ,گڵاوی نیازی ڕژێم لە بەکارهێنانی وشەی (ئەنفال)ڕسوا بکەن و , وشەو زاراوەیەکی بۆ بەکار بێنن کە ڕێسی پیلانی هەڵوەشێنێتەوە – بەشێك لە بەیاننامەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بە بۆنەی یادی کارەساتی بەناو ئەنفالەوە – یەکگرتوو ژمارە 37 ) , دیارە ئەم هەوڵەش لە لایەکەوە دڵسۆزییە بۆ پرۆسەکە , لە لایەکی کەوە بەشێك بوو لە نەخشەکانی پارت و لایەنە ئیسلامییەکان بۆ سڕینەوەی ووشەی ئەنفال , بەڵام بۆیان سەری نەگرت .

ساڵی دواتر واتە 1996 بەهۆی سەرکەوتن و دەنگدانەوەی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان هەوڵەکان گەورەترەوە بوو , بە هەوڵ و کۆششی رشێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان لیژنەی سەرپەرشتی لە هەولێرو شەقلاوە دروست کرا ,هەروەها داوا لە حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان کوردستان کرا , بەیاننامە بەبۆنەی 14-4 دەرکەن و لافیتە لەو یادەدا هەڵواسن , تا شاری هەولێر سیمای ئازییەت باری بە خۆوە بگرێت , لە ساڵی 1996 لیژنەی کاری هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکان لە 1-4 ەوە بەیاننامەی هاوبەشییان دەرکرد لەسەر 14-4 ناساندنی وەك ڕۆژی ئەنفال , کە لە 7 حیزبی کوردستانی پێك هاتبوون , سەرباری ئەم لایەنانەی خوارەوە : بزوتنەوی موسڵمانانی کوردی فەیلی -سەرکردایەتی شۆڕگێڕ --حزبی اتحادی تورکمانی--کۆمەڵەی جوێلۆجی کوردستان-یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان-حزبی سۆسیالستی کوردستان-یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان-دەستەیەك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی گەرمەسێر . سەرباری ئەوەی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لافیتەیان بە داواکاری ئێمە لەناو ڤیستیڤاڵەکەو شەقامەکانی هەولێر و بەردەم بنکەو بارەگاکانییان هەڵواسی .

له بواری ڕاگەیاندندا ڕۆژنامەکانی وولات , ئالأی ئازادی , یەکگرتوو , پاڵە مانشێتەکەیان لەسەر ئەنفال بوو ,ڕێگای کوردستانیش سەرتا پای بە ڕەش دەرچوو و مانشێتەکەشی لەسەر ئەنفال بوو .

ئەم بروسکەی پشتگیرییانەش گەیشتنە ڤیستیڤاڵەکە .

( دەستەی ڕۆژنامە نوسانی ئازاد-حزبی الاتحادی تورکمانی-مکتب سیاسیی-- تیپی شانۆی نیشتمان-مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکرتووی ئیسلامی کوردستان-حزب الاخاء تورکمانی -مکتب سیاسی-- بزاڤی خوێندکارو لاوانی کوردستان-سکرتارییەتی بالأ-- حیزبی ڕزگاری کوردستان-مەکتەبی سیاسی --مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامییا-یەکێتی پێشەنگانی کوردستان-کۆمەڵەی جەنگاوەرانی پێشەنگی کوردستان-کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان-یەکێتی بێکارانی کوردستان-کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان-ڕێکخراوی جیهانی بۆداکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ(ئەمینداری گشتی)-بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز-هەولێر—کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد-مەڵبەندی چوار—کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێری حیزی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق—کۆمەڵەی فەرهەنگ و ئاوەدان کردنەوەی باڵەکەیاتی—یەکێتی ژنانی کوردستان-مەکتەبی سکرتارییەت—ئەنجومەنی پارێزەرانی کوردستان—تیپی شانۆی ڕۆژی نوێ—بزووتنەوی دیموکراتی گەلی کوردستان—کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان—مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستان—خوێندکارانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان—کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزبی شیوعی کوردستان—کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر—کۆمیتەی تایبەتی مەکتەبی سیاسی ی ن ك—خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان—ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان—لەشکری 16 دەشتی هەولێر ینك—تیپی شانۆی حەمرین—کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان—ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (کوردستان ۆچ)—ناوەندی هەولێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان -ڕادیۆی ڕێگای کوردستان—ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان—ڕێکخراوی ڕەوتی بەلشەفیك—یەکێتی گشتی قوتابییانی کوردستان).

ئەم لایەنانەی سەرەوە زۆربەشییان بە هەڵواسینی لافیتە لە دەرەوەی هۆڵی ڤیستیڤاڵ بەشدارییان کرد , شاری هەولێر تا ئەوکاتە هیچ بۆنەیەکی وای تێدا نەکرابوو , ئەوەندە لافیتەی تێدا هەڵبواسرێت بە درێژایی چەندین کم .

ئەم لایەنانەی خوارەوەش تەنها لافیتەیان لە ڤیستیڤاڵەکەدا هەبوو : ( بیرۆی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- ڕۆژنامەی وولات-ڕۆژنامەی شمس وەتەن-حیزبی شیوعی عێراق-پارتی کرێکارانی کوردستان-لیژنەی پارێزگای کەرکوکی حیزبی شیوعی کوردستان-یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان-لقی هەولێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان-ڕادیۆی نیشتمان-حیزبی شیوعی کوردستان مەکتەبی سیاسی-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەلأیەتی کەرکووك- کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلأیەتی گەرمەسێر -مەکتەبی مافی مرۆڤی ی ن ك-یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان) , هەروەها ئەم هونەرمەندانەش بە تابلۆ بەشدارییان کرد لە پیشانگای کورد قڕان (جوهەر محەمەد خدر-دارا محەمەد عەلی-دلێر محەمەد شەریف—سلێمان شاکر—سەربەست عومەر—سۆران-جعفر محمد غریب-جماڵ مشیر-عبداڵله سراج-فیسەڵ عوسمان-کامران - ڕزگار فقێ عبداڵله-ئازاد ئەنوەر-گرفتار کاکەیی)(چارەنووس ژمارە 2 -حوزەیرانی 1996) *.

- هاوکات چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی یەك و دوو بە سکانەر وەك خۆی بلأو دەکەینەوە .

** سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان .











یەکەم کۆبونەوە بۆ سازدانی یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفال          نوسەری بابەت لە ڤیستیڤاڵی یەکەم



REGAY KURDISTAN

TUESDAY: 11 APRIL 1995 NO.152

# ١٤ی نیسان

## ساڵگەردی ئەنفالە شوومەکان و ڕەمزی گەورەترین تاوانی صدام دژ بە گەلەکەمان



## ئاگاداری

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان، ڕۆژی ٤/١٩ شانۆگەری "ئەنفالستان" لە نووسین و دەرهێنانی کاک کریم غفور پێشکەش دەکرێت.

بۆ ناسینی ئەنفال چییەکان و بۆ ئاگاداربوون لە نهێنییەکانی ئەنفال ئەم شانۆگەرییە ببینن لە هۆلی میدیا کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ پێشکەش دەکرێت.

هاتن بۆ هەمووانە.

لیژنەی سەرپەرشتی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان

# لە حەوتەمین ساڵگەردی دا

# یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفالە بەدناوەکان



ڤیستڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان لە ١٤/٤/٩٩٥ تا ٢٠/٤/ ١٩٩٥ لە هۆڵی میدیا .

— لەرۆژی هەینی ١٤/٤/ ١٩٦٥ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەرۆ بە ڕێپێوانێکی شانۆیی لە "گۆڕەپانی ئاشتی" دەست پێ دەکات بەرەو هۆڵی (میدیا) .

- لەوێ ئەم چالاکی یە هونەری و ڕۆشنبیری یانە پێشکەش دەکرێ .

١- پێشانگای هونەری "کارکاتێر و شێوەکار" .

٢- ئاهەنگی سروودو مۆسیقا .

٣- شانۆگەری .

— ١٥/٤/١٩٩٥ شەممە کات ژمێر (٤) عبدالرزاق صافی (جرائم صدام حسین فی الانفال والحقوق الانسان) بەزمانی عەرەبی .

— ١٦/٤/١٩٩٥ یەك شەممە کاتژمێر (٤) صلاح مەزن (شێواندنی کەسایەتی کورد لە ڕێگای کدلتوورو ڕاگەیاندنەوە) .

— ١٧/٤/١٩٩٥ دووشەممە کاتژمێر (٤) کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوە بۆبەڕێزان (صدرالدین خۆشناو ، کریم غفور ، فریاد حسن هیرانی ، علی محمود ، فاتح شەیدا ،

— ١٨/٤/١٩٩٥ سێ شەممە عبالرحمان صدیق (ئەنفال لە روانگەی ئایینیەوە) .

— ١٩/٤/١٩٩٥ چوار شەممە سیمینیارێك (مێژووی ئەنفال) .

— ٢٠/٤/١٩٩٥ پێنج شەممە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ شاعیران : ناڵە حەسەن ، بەهرە مفتی ، ئیدریس شەیداهۆ ، خالد عوسمان ، سۆزان مامە ، بەختیار مامە (بێدار) ، سەرهەنگ ئیسماعیل ، شیعرێکی دیوانی بوخچەو بارکە ، رانا خەلیل .



---

## یادی ئەنفالەکان لە شەقڵاوە

لە شاری شەقڵاوە لیژنەی سەرپەرشتی یادی ئەنفالەکانی کوردستان لە رۆژانی ١٢ـ٤/١٩ یادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان ساز دەدات بەم شێوەیە:

•. ٤/١٢ دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵ و کۆڕێك لەمەڕ( ئەنفال لە روانگەی مافی مرۆڤ لەلایەن ـ ماموستا کەمال غەمبار) و(جینۆساید یان کورد قڕان ـ غازی حەسەن).

•. ٤/١٣ پێشەنگای هاویەشی شێوەکاری و ( شێخ وەسانان لەناوەوەو دەرەوە ـ مامۆستا محمەد مەلا قادر)و (فەیلییەکان یەکەمین ئەنفالی کوردستان ـ مظفر فیلی).

•٤/١٤ (کارەساتی ئەنفال کردنی بارزانییەکان ـ رێبەر ئەحمەد)و ( پرۆسەی ئەنفال لەکوردستان ـ نظام الدین گلی)و( ئەنفال لە روانگەی ئیسلامەوە ـ خاڵە کاوە)

٤/١٥. (پیشانگای کاریکاتێری)و (دەوری ئافرەت و ئەنفال)و (ئەوەی بەچاوی خۆم بینیم و بەسەرمدا هات ـ شیخ عەدالەت تالەبانی )

•٤/١٦ (پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتی لە روانگەی ئیسلام ـ ئەندازیارـ عبدالرحمن صدیق) و (ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ماکس ڤان دیرشتویلـ تارق گەردی)و(پرۆسەی ئەنفالـ سەرهەد توفیق).

• ٤/١٧ (ئەنفال لە بادینانـ فلك الدین کاکەیی)و(تەوەری ئەنفال لە بادینان).

• ٤/١٨ پێشەنگای فۆتۆگرافی . کۆڕی شیعر.

٤/١٩.• شانۆگەری پاشماوەکان لە ئامادەکردنی کۆمیتەی شەقڵاوەی یەکێتی خوێندکارولاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ڕێپێوان بۆ سەر گۆڕی (٢٢) شەهیدانی شارۆچکەی شەقڵاوە وتاری پارێزگاری هەولێر.

---

راپۆرت و هەواڵ

## لە یادی ئەنفالە شوومەکاندا

کەلار ـ لە پەیامنێرمانەوە: خانی

**لەژێر دروشمی «دیاری‌کردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان»**

کومیتەی بالای یادکردنەوەی روژانی رەشی ئەنفال لەیادی (٦)ـەمین ساڵەی کارەساتی کوردقرانی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس، لەروژانی ١٤و ٤/١٥ زنجیرەیەك چالاکی لەکەلارو صمود ئەنجامدا.

### رۆژی ٤/١٤

سەعات ١١.٣٠ی سەرلەبەیانی پیشانگایەکی شیوەکاری تایبەتی بو بەرهەمی چەند هونەرمەندیك لە هول دوانزەوەندی (حەمرین) لە کەلار کرایەوەو شریتی پیشانگاکە لەلایەن هاوری کریم احمد ئەندامی م.س حشك/ع پچراو هاوڕییانی م.س شیوعیو لیپرسراوی راگەیاندنی مەلبەندی ریکخستنی کەرکوك (ی.ن.ك)و لیپرسراوانی عسکریو سیاسی لایەنەکانو جەماوەر ئامادەی بوونو هاوکات فلیمیکی بەلگەنامەش لە سەر ئەنفالەکان عرض کرا.

سەعات ٢ی دوای نیوەروی هەمان روژ دوو ریپیوان لە کەلارو صمود دەوە، بە کەژاوەی ئەنفالەوە بەرەو گورەپانی یادەکە لەبەردەم کومیتەی ریکخستنی صمود (ی.ن.ك) دەستی پیکرد. لە کور ناهەنگیکی ماتەمینی فراواندا کە هاورییانی م.س حشك/ع کریم احمد. و پەخشان زەنگەنەو عبدالرزاق الصافی لە حشع و ماموستا علی ئەندامی فراکسیونی سەوزی پەرلەمانو کاك عادل شکور ج.لیپرسراوی مەلبەندی کەرکوكو کارگیرانی مەلبەندی (ی.ن.ك)و کاك نظام‌الدین گلی نوینەری (پ.د.ك)و لیپرسراوانی ناوچەکەو جەماوەریکی زوری گەرمیانو بنەماڵەی ئەنفالەکان ئامادەی بوون وتاری حشك/عو وتاری پارتیو وتاری (ی.ن.ك)و INC و چەندین لاواندنەوەو بیرەوەریو نوپەریتیکی کومەڵەی خویندکاران پیشکەش کرا. بریاریش درا یاداشتیکی تایبەت بەچارەنووسی ونی ئەنفالەکان کەسو کارو پاشماوەکانیان بەرز بکریتەوە بو کومەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانو مجلس الامنو جامعەی عربیو اسلامیو دەولەتە بریار بەدەستەکانو ریکخراوەکانی مافی مروڤ. کورەکە تا ئیوارەی خایاند.

### رۆژی ٤/١٥

هەر لە چوارچیوەی یادەکەدا ...

سەعات ١١ی سەرلەبەیانی بە ئامادەبوونی هاورییانی مەکتەبی سیاسی حشك/ع کریم احمدو پەخشان زەنگەنەو ٧.١..

